# مافەکانی پێغەمبەری خۆشەویست ¢ بەسەر باوەڕدارانەوە

## بەشی دووەم

? م/عبید محمدامین
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی(مجمَّع) لە چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمـد لله رب العـالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

**مافی دووەم:** گوێڕایـەڵی کردنـی پێغەمبـەری خۆشەویـستمان ¢ لەهـەموو شـتێکدا کـە فـەرمانمان پـێ دەکـات. بێگومـان گوێڕایـەڵی کردنـی پێغەمبـەری خۆشەویـستمان ¢ شـتێکی پێویـستەو مـەجالی سەرپێـچی کردنـی تێدا نییـە. گوێڕایەڵی کردنـی پێـشەوامان ¢ پێویستە لەبەر چەند هۆیەك لەوانە:

١- لەبەر ئەوەی خـوای پـەروەردگار فـەرمانی پێکردوین کە گوێڕایەڵی فەرمایشتە جوانەکانی پێغەمبـەری خۆشەویـستمان ¢ بکـەین و سەرپێچی نەکەین.

خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّـهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ [النساء: ٥٩] .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کـە باوەڕتـان هێنـاوە و بـاوەڕدارن گوێڕایـەڵی خـوا و پێغەمبـەری خوا ¢ بکەن و لە فەرمانیان دەرمەچن.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کـە گوێڕایـەڵی کردنـی پێغەمبـەری خۆشەویـست ¢ گوێڕایـەڵی کردنـی خـوای پـەروەردگارە، وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەموویێت:

خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾[النساء: ٨٠] .

واتە: ئەو کەسەی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بکات ئەوە بێگومان گوێڕایەڵی خوای پەروەردگاری کردووە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕەدێکی زۆر گەورەیە بۆ سەر ئەو کەسانەی کە جیاوازی دەخەنە نێوان قورئان و فەرموودە ڕاست(صحيح)ەکان بەوەی کە قورئانی پیرۆز وەردەگرن و فەرموودەکان لەبیردەکەن و فەرامۆشیان دەکەن و جێ بەجێیان ناکەن و گرنگیان پێ نادەن و شوێن کەوتنی فەرموودەکان بەلایانەوە واجب نییە، بێگومان ئەم جۆرە کەسانە گومڕاو سەرلێ شێواون وهیچ ڕێزێکیان نییە لای پەروەردگار، چونکە ڕێزی فەرموودەکان ناگرن، بەم گومڕایانە دەوترێت (القرآنيين) پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ دەفەرموێت :

( تركت فيكم شيئين لن تضلوا بعدهما كتاب الله وسنتي)[(١)].

واتە: دوو شتم لەناو ئێوەدا بەجێ هێشتوە گەردەستیان پێوەبگرن ئەوە بێگومان گومڕاو سەرلێ شێواو نابن ئەویش بریتی‌یە لە قورئانی پیرۆزو سوننەتەکانی من.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەستگرتن بەقورئان و سوننەتەوە بەختەوەری بۆ هەردوو جیهان بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر دەکات و بە پێچەوانەشەوە وازهێنان لێیان گومڕاییە.

٢- لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بانگەوازی ئوممەتەکەی دەکات بۆسەر ڕێگای ڕاست ودروست، کەبە ویستی خوای پەروەردگار دەیانگەیەنێتە ڕەزامەندی خۆی و بەهەشتی پڕلە نازو نیعمەت.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ [الشورى: ٥٢] .

واتە: بێگومان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ بەویستی خوای پەروەردگار ڕێگای ڕاست نیشانی خەڵکی دەدەیت و ڕێنموویيان دەکەیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست و دروست.

کەواتە: پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دڵسۆزترین کەس و پێشەوایە بۆ ئێمە لەبەر ئەوە ئێمەش لە خۆمان و هەموو کەس وکار و منداڵەکانمان خۆشترمان دەوێت.

٣- لەبەر ئەوەی لەگوێڕایەڵی کردنیدا ڕێنموونی تەواو و دروست هەیە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

(١) (صحيح الجامع الصغير: ٢٩٣٧).

﴿وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا﴾ [النور: ٥٤] .

واتە: ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن ئەوە بێگومان ڕێنموونی دەکرێن و ڕێنموونی وەردەگرن.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مسوٚگەر کردنی ڕێنموونی و ڕۆیشتن لەسەر ڕێگای ڕاست و دروست بەویستی خوای پەروەردگار. وە بەپێچەوانەوە سەرپێچی کردنی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ گومڕایی و سەرلێ شێواوییە.

٤- لەبەر ئەوەی لە گوێڕایەڵی کردنیدا بەختەوەری و مسوٚگەر کردنی بەهەشت هەیە.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ [النساء: ١٣] .

واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات ئەوە خوای پەروەردگار دەیخاتە ناو بەهەشتێکەوە کەچەندەها ڕوبارو جۆگە ئاو بەناو کۆشك و ماڵەکانیاندا دەڕوات.

پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ دەفەرمووێت:

(كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى . قيل: ومن يأبى يارسول الله ﷺ ؟ قال من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقد أبى)(٢).

واتە: هەموو ئوممەتەکەم دەچێتە بەهەشتەوە تەنها ئەو کەسانە نەبێت کەپشت هەڵدەکەن و مل کەچ ناکەن، ووترا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێ هەیە پشت هەڵ بکاو مل کەچ نەکات؟ فەرمووی: هەرکەسێك گوێڕایەڵی من بکات دەچێتە بەهەشتەوە، وەهەرکەسێك سەرپێچی لەفەرمانەکانمدا بکات ئەوە پشتی هەڵکردووەو ناچێتە بەهەشتەوە وە لەسەرپێچی کردنیدا ئاگری دۆزەخ هەیە.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾[النساء: ١٤] .

واتە: هەر کەسێك سەرپێچی لە فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەیدا ﷺ بکات و سنورە شەرعییەکان ببەزێنێت ئەوە خوای پەروەردگار دەیخاتە ناو ئاگرەوەو بەهەتاهەتایی تیایدا دەمێنێتەوە دووچاری سزایەکی سەرشۆڕ دەبێ و لەئاگری دۆزەخدا

(٢) (البخاري: ٦٨٥١).

بەسەرشـــۆڕی دەمێنێتـــەوە پـــەنا بـــەخوای پەروەردگار.

**مافی سێیەم:**

چاو لەپێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بکەین لە هەموو کردارو گفتارێکدا.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ﴾ [الأحزاب: ٢١].

واتـــە: بێگومـــان لەپێغەمبـــەری خـــواوە ﷺ پێـشەنگی و قـدوەیی و مامۆسـتایی بـۆ ئێـوە هەیە، بۆ ئەوکەسانەی کـە باوەڕیـان بـەخوای پەروەردگار هەیـە و ئومێـدیان بەلێخۆشـبوونی خوای پەروەردگار هەیە و باوەڕی تەواویان بـە پاشەڕۆژ هەیە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کـە پێغەمبـــەری خۆشەویـــست ﷺ باشـــترین و چاکترین پێشەنگ و قدوەو پێشەوایە، چـونکە کەسێك خوای پەروەروەردگار بیکاتە پێـشەنگ و قـدوەی ئـادەمیزاد ئـەوە بیگومـان باشـترین پێـــشەنگ و پێـــشەوایە لەجیهانـــدا، بۆیـــە پێغەمبـــەری خۆشەویـــستمان ﷺ باشـــترین پێشەنگ و قدوەیە چونکە:

١- هــەموو کــردارو گفتــارێکی بــەوەحی یــە لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ [النجم: ٣ – ٤] .

واتە: پێغەمبەری خـوا ﷺ بەهـەواو ئـارەزوو قـسە ناکـات، بـەڵکو هـەمووی بـەوەحیـیـە ولەلایەن خوای پەروەردگارەوەیـەو بەفـەرمانی ئەوە.

٢- لەبـەر ئـەوەی باشـترین ئـادەمیزادە کـە لەسـەر زەویـدا دروسـت بـووە. پێغەمبـەری خۆشەویستمان ﷺ دەفەرموێ

(أنا سيد ولد آدم يوم القيامة ولا فخر)(٣).

واتــە: مـن گـەورەی هـەموو ئـادەمیزادم و بەفەخرو شانازییەوە نایڵێم.

٣- لەبـەر ئـەوەی پێغەمبـەری خۆشەویـست ﷺ بەرزترین خووڕەوشتی هەبووە.

وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ [القلم: ٤] .

واتە: ئەی محمد ﷺ تۆ لەسەر بـەرزترین و گەورەترین خووڕەوشتیت.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**.

(٣) (صحيح سنن ابن ماجة: ٣٤٧٧).